# دەسەڵاتی کوردی کەرامەتی نەتەوەیەک وون دەکات لەدۆزی ئەنفالدا.

قادر نادر

ژمارە 292 ی ڕۆژنامەی میدیا چاوپێکەوتنێکی لەگەل عەدالەت عومەر ئەنجام داوە ، دیدارەکە باس لە دۆزی ئەنفال دەکات ،کە بەشێک لە ئاخافتنەکانی وەڵام هەڵدەگرێت، ، بەلام ئەوەی بەندە دەیەوێت ووشەکانی تیا چر بکاتەوە ، ئەو زانیاریانەیە کە دەڵێت نزیک بە 600 بۆ 700 کچی کورد بۆ ولاتە عەرەبیەکان فرۆشراون ، کچی ئەنفال هەیە براکەی لە کوێتەوە هێناویەتەوە ، سەدان منداڵی کورد فرۆشراون بە 50 دۆلار(1) ئەگەر چی بەندە ساڵی پار زۆر لەم کارەساتانەترم لە پەیوەندیەکی تەلەفۆنی لەگەل زەکیە ئیسماعیل گوێ بیست بوو، بەلام کە عەدالەت خان بەبەڵگەوە قسە دەکات ، دەبوایە ئێستا ماتەمینی هەموو کۆمەڵگای کوردی بگرتایە ، مانشێتی هەموو رۆژنامەکان ببوایەتە ئەم هەوالانە ، خۆپیشاندان و نارەزایەتی جەماوەری شەقام و کۆلانەکانی پڕ بکردایە ، دەیان و سەدان شیعرو پەخشان بەسەر ئەم منالْ و کچانە بوترایە ، حکومەت بەپەلە کۆبونەی ساز بکردایە تارێگای بەدواچون و گەرانەوەیان باس بکردایە..... کە چی هیچ یەکێ لەمانە ڕوی نەدا و ڕوونادات !! ؟؟

ئاخر ئەوەی بەندە هزری بۆ دەڕوات تەنیا یەک شتە ئەویش بێ کەرامەتی زۆرینەی تاکی کورد و نەخوێندەواری و هەست نەکردن بەبەرپرسیارەتی ڕۆژنامە نوس و ڕۆژنامەکان و تاوانباری ئەو دەسەلاتە کوردیەیە کە 19 سالە بازرگانی بە دۆزی ئەنفال و هەڵە بجە دەکات.

کەم نین ئەوانەی لە وشەی کەرامەت نەگەن ؟؟ ئاخر کەرامەت لەنێو زۆرینەی کۆمەڵگای ئێمەدا 5 سانتیمەری ناو لینگی ژن و ووتەیەک و رەفتارێکی ناشیرنە بەخۆت !!! . ئەم جگەلەوەی ئەوەندەی سوکایەتی و بێ کەرامەتی لای تاکی حزب یەکسانە بە سەرۆک و پارت ، نەبۆتە سوکایەتی بە خاک و نیشتمان و فرۆشتنی کچان و منالانی ئەم نیشتمانە!!؟؟ ناهەقم مەگرن ئەگەر بڵێم هێشتا لەدەرەوەی بازنەی کەرامەت دەژین . ئاخر کاتێک ئاهەنگێک ، کۆنسێرتێکی هونەرمەندێک ساز دەکرێت هۆڵ چەندە گەورە بێت ، دەرزی فڕێ بدە بە ئاسمانەوە دەگیرێتەوە یان کە هەڵبژاردنێکی پارتە درۆزنەکانی شاخ و شار دەبێت ، تاکی کورد مێرولە ئاسا ڕێز بەند دەبێت ، بەلام خۆپیشاندانێک ، کۆرێک ، نارەزایەتیەک بۆ گەورەترین سوکایەتی بەنەتەوەیەک بکەیت لە 100 کەسی زیاتر ئامادە نابێت .

ئاپۆ تا بیری سەربەخۆی لە هزری دەخولایەوە جوانی وتبوو بە هەر تاکێکی کورد بڵێ ی هەی بێ وڵات زۆربە ئاسایی وەری دەگریت ، بەڵام هەر ئەو کەسە پێی بڵێ ی هەی بێ ئەخلاق شەرت لەگەل دەکات.

ئێمە زۆر پێویستمان بە وەیە کۆمەلێک سەرکردە ئیستیراد بکەین تاکەرامەتی نەتەوەییمان بۆ بگەڕینەوە ، با عەگال لەسەری وەک کوێتیەکانیش بن ، ئاخر ئەوان زانیان و توانیان بۆ 600 شوێن بزر بوی خۆیان عروبەت و دراوسێتی بکە نە قوربانی یەک تاکی خۆیان . پێویستمان بەوانەی خۆشەویستی نیشتمان و ڕێزگرتن لەتاکە کەلای یەهودیەکان بخوێنین ، چونکە یەک ملیار مرۆڤی موسلمان بە هەزارەها شێوە دژایەتیان دەکەن ، کە چی هەموو کات لە قۆناخی هێرش بردن ، ئاخر ئەوان ئامادەن ئێسکێکی جمجمەی تاکی خۆیان بە سەدان دیلی عەرەب بگۆڕنەوە (2) ، کە چی ئێمە بەئاستی یەک نەتەوە تاکی ئەم وڵاتە وا لەبیابانەکانی خواری عێراقی پڕ لەتاوانە ، کەسیش بیری لێ ناکاتەوە . ناهەقیان بۆ بگرین ئەوان زیندوەکانیان لە یاد نیە ئیتر

چۆن خەم له ئێسک وپروسک دەخۆن؟ . ئاخر ئێمە چۆن شەرم نەمان گرێت داڕێژەر ی بیری ئەنفال ڕاوێژکاری سەرۆک کۆماری کورد بێت . یان سەرۆکی کوردستان داڵدەدەر و دۆلار بارانی دەیان سەرۆک جاشی ئەنفال بێت ؟؟؟.

ئێمە ژنانێکی کوردمان پێویستە وەک ژنانی کوێت بە نەعلەکانیان هێرش بکەنە سەر پەرلەمانتار (3) ، گەنجانێکمان پێویستە وەک یەهودیەکان شەری یەک ملیار مرۆڤ بکەن . ڕۆشنبیرانێکمان پێویستە وەک ئەرمەنەکان جەلادانی وەک تەلعەت ، ئەنوەر ، جەمال پاشاکان ، بەهەمان شیوە ، جەلادانی ئەنفال لەناو بەرن (4)

ئای نیشتمانم زۆر هەتک و سوکایەتیت پێکرا کە چی چەندە بە بچوک سەیرت دەکەن!!؟؟ . ئاخر کێ هەیە بتوانێت تەنیا بیر وخەیال نەوەک راستی بۆ ئەوە بخولێنێتەوە کە کچەکەی مەزاد بکرێت لەسەر سنوری عەرەبستانی سعودی و کوێتی .... هەرشەوەی بۆ تێرکردنی ئارەزوە سێکسیەکانی چەند جەلادێکی شۆڤینی عەرەبی بیان خەنەوە ژێر خۆیانەوە . یان تەنیا وێنەی مردنی کۆرپەیەکی خۆی بێنێتە پێش چاو ، کە چی هەزاران منالّی ئەم نیشتمانە بوون بە خۆراکی سەگە ڕەشەکەی نوگرە سەلمان ، بە 50 دۆلار فرۆشران ، دران بە خەڵکانێک کە بکوژی باوک و دایکیانن ، لەبرسا مردن ، مێشکیان شورایەوە و بوون بە جەلادێک کە ببنە پارێزەری گەورەترین تاوانباری گەلەکەیان (5) . کێ دەتوانێ تەنیا گوێی لە گریانێکی قوڵی منداڵەکەی بێت لەتاو ئازاری نە خۆشیەکی ، چ جا بۆ ئەم راستیانە؟؟ . ئاخر ئێمە تا نە توانین کە رامەتی نەتەوەو خۆمان وەک یەک سەیر بکەین ، هەق نیە سرودی ئەی ڕەقیب بڵێین ؟ . ئای چەند شەرمەزارین کە فەتاح بەگەکان ئەوانەی هەزاران تاکی ئەم گەلەیان کردە دیاریەک بۆ گەورەترین جەلادی سەدەی بیستەمی کورد کە چی ئێستا لەناومانن و کوری ناز هەلگرتوی پارتی زەردو سەوزن.

ئەگەر تادوێنی دەنگۆی ئەوە هەبوو کە کچانی ئەنفال لە سۆمالیا هەن ، ئەوالەمەودوا لە هەموو وولاتانی ئیسلامی هە ر کچێک کە رەنگی گەنمی و بەژن ئاوریشمی و خەمۆکی بوو بەدوری مەزانن کچانی گەرمیان و بادینان بن ، ئەگەر هەر منداڵێ لە کەنداوی بەناو عەرەبەوە ، خوێن شیرن ورەنگ ئەسمەر بوو دودڵ نەبین منداڵێکی کوردە و نرخەکەی تەنیا بە 50 دۆلار فرۆشراوە.

1/ رۆژنامەی میدیا ژمارە 292

2/ سالی 95 زیاتر 400 دیلی لوبنانی و فەلەستینی بە 2 روفاتی سەربازی ئیسرائیل گۆڕدرایەوە .

3/ لەدوای ڕوخانی رژێمی سەدامدا دەیان ژنی کوێتی چونە ناو پەرلەمانی کوێتیەوە بە نە علەکانیان لێیان دان .

4/ 3 سەرکردەی ئیتحادو تەرەقی بوون کە ڕۆلی بالایان هەبوو لەکوشتاری ئەرمەندا ، دوای ڕوخانی دەسەلاتیان هاتنە ئەوڕپا کە چی یەک لەدوای یەک تیرۆر کران .

5/ بە شێک لەم ووشانەی باسم کردون لە پەیوەندیەکی نێوان بەندەو زەکیە ئیسماعیلم وەرگرتوە کە ئەندامی پەرلەمانی عێراقە لەسەر لیستی شیعەکان ، کە زۆر کارەساتی تری لایە سەبارەت بە هەلوێستی سەرکردە کوردەکان چیرۆکی منالانی ئەنفالی کورد.